# بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دێمۆکرات و پان ئێرانیستەکان، بۆچی هەڵەیە؟
## رەخنە و تێبینییەکانی کۆمەڵە لەسەر ئەو بەیاننامەیە

لە رۆژانی رابوردوودا، بەیاننامەیەکی هاوبەش لەلایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی پان ئێرانیست ئێمزا و بڵاو کرایەوە. بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە ئەو بەیاننامەیە تەنیا لەچوارچێوەی پەیوەندی نێوان ئەو دوو حیزبەدا نامێنێتەوە بەڵکوو بزووتنەوەی گەلی کورد و هەروەها بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و پێشکەوتنخوازانەی سەرجەم ئێرانیش دەگرێتەوە، بە پێویستی دەزانین هەڵویست و تێبینییەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە ئاگاداریی رای گشتی بگەیەنین.

بەبڕوای ئێمە ئێمزای بەیاننامەی هاوبەش لەگەڵ پان ئێرانیستەکان، ئەویش بەم شێوەیە، هەم لەگەڵ پرەنسیپ و بەهاکان و بەرژەوەندییەکانی دێمۆکراسیخوازی لە ئێراندا و هەم لەگەڵ مەسڵەحەتی ئێستا و پاشەرۆژی گەلی کورد و بزووتنەوەکەی ناتەبایە. هەر بۆیەش لێدوانێکی رەخنەگرانە بۆ وشیار کردنەوە بە پێویست دەزانین.

ئێمە وەکوو کۆمەڵە رەخنە گرتنی سیاسیی بەرپرسانە و دڵسۆزانە بە قازانجی پەرە پێدان و چەسپاندنی شەفافیەت لە سیاسەتی کوردیدا دەبینین و پێمان وایە رەخنە، بە مەرجێك بێبەڵگە و تێکەڵ بە هێرشی سووك و ناڕەوا نەبێ، دەتوانێ ئاستی فەرهەنگی سیاسیی کۆمەڵگای کوردستان بەرێتە سەر و یارمەتی بە دارشتنی بناغەی دیالۆگێکی سیاسی سالم بکات. پێویست بە گوتن ناکات کە دەربڕینی ئەم رەخنە و تێبینییانە، لە دیدی ئێمەوە، بەهیچ جۆرێك رێگە لە هاوکاری و هاوخەباتی و لەوانە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە ئێران کە ئێمە بانگەوازی بۆ دەکەین ناگرێ و ناشبێ بیگرێ.

١- بەگشتی، دانی بەیاننامەی هاوبەش لەگەڵ حیزبی پان ئێرانیست کارێکی هەڵەیە.

بۆ نیشان دان و ئیسباتی ئەو بابەتە دەبێ بەکورتیش بێ پان ئێرانیستەکان بناسێنین: حیزبی پان ئێرانیست، گرووپێکی شۆڤێنستی توندڕەوی ئامال فاشیست بوون. ئەو حیزبە کاتی خۆی بەدوای ئەوەی کە رەزا شا لەلایەن هاوپەیمانانەوە لە دەسەلات لابرا، هاتە ئاراوە و بە دژایەتی هاوپەیمانانی شەڕی دووهەمی جیهانی (بریتانیا و ئەمریکا و شورەوی) و بە پشتیوانی کردن لە ئاڵمانی فاشیستەوە دامەزرا. سەرەتا ناویان حیزبی "سۆمکا" یا "پیراهن سیاهان" (کراس رەشەکان) بوو و لاسایی مۆدێلی حیزبی ناسیۆنال سۆسیالیستی فاشیستی ئاڵمانیان دەکردەوە. لە کاتی بزووتنەوەی خەڵکی ئێران بۆ میللی کردنی نەوت، ئەمان دژی دوکتور مصدق بوون و بەشێوەی حیزبە فاشیستییەکان داردەستەی ئاژاوەگێڕ و چەقۆکیشیان ساز دەکرد و بەدژی حکوومەتی دوکتور مصدق

خۆپیشاندانیان پێدەکردن. ئەوان، لەبن تەئسیری فاشیزمی رەگەزپەرستی ئاڵمانی لەلایەك و شۆڤێنیزمی ئیرانی لەلایەکی دیکەوە، بڕوایان بە نەژادی ئاریا و باڵادەستیی ئەو نەژادە هەبوو.

پان ئێرانیستەکان لە سەردەمی شایەتیدا رۆژنامەیەکیان دەر دەکرد بەناوی "خاك و خون"، کە ناوەرۆکی کۆنەپەرستانە و شۆڤێنیستییەکەی هەر لە ناوەکەیەوە دیارە. پان ئێرانیستەکان لەو بڕوایە دان کە ئێرانی گەورە دەبێ دابمەزرێتەوە، ئێرانی گەورەش لە رووانگەی ئەوانەوە ئەفغانستان و تاجیکستان و کوردستان و زۆر شوێنی دیکە دەگرێتەوە کە لە سەردەمی کۆندا بەشێك لە ئیمپەراتۆریەتی ئێران بوون و ئەوان خوازیاری کەوتنەوە سەری ئەو نەتەوانە یان ئەو دەوڵەتانە بۆ سەر ئێرانی ئەمڕۆن. هەر بۆیەش رۆژنامەی "خاك و خون" کوردی عێراقی بەناوی "هم میهنان ان سوی مرز" یانی "هاونیشتمانانی ئەوبەری سنوور" ناوزەد دەکرد، لەو رووەوە کە پێیان وابوو کوردستانی عێراقیش لە ئێران داگیر کراوە و دەبێ بکەوێتەوە سەر "نیشتمان".

پان ئێرانیستەکان پێداگری لەسەر تاك نەتەوە بوونی ئێران دەکەن و بەتوندی دژی بیرۆکەی فرەنەتەوە بوونی ئێران دەوەستنەوە و لە راستیدا حاشا لێکردن و بەرەسمی نەناسینی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران و داسەپاندنی پێناسەی فارسی بەسەر هەمووواندا، هەوێنی سەرەکیی ئایدیۆلۆژی حیزبی پان ئێرانیستە. ئەوان لە بەرنامەی خۆیاندا بەئاشکرا رایدەگەیەنن کە "ئێران وڵاتێکی فرەقەومە نەك فرەنەتەوە". مەبەستیشیان لە قەوم نەك "ئێتنیسیتە" بەڵکوو ئەو تیرە و هۆزانەیە کە بە بڕوای ئەوان "نەتەوەی ئێران" پێك دێنن. ئەوان هەروەها بەئاشکرا دەنووسن: "زمانی فارسی رۆحی نەتەوەی ئێمەیە و دەبێ لە ناوەوە و لە دەرەوەی سنوورەکان پەرەی پێبدرێت". بەم جۆرە گومانێك لەوەدا ناهێڵنەوە کە مەبەستیان لە "نەتەوەی ئێران" کێیە.

کاتێك کە شای ئێران لەسەر پێشنیاری نەتەوە یەکگرتووەکان قبووڵی کرد کە بۆ دیاری کردنی چارەنووسی وڵاتی بحرین رێفراندۆم بکرێت و رای خەڵکی ئەوێ بپرسرێ، پان ئێرانیستەکان ئەوەندە لە شۆڤێنیزم و نادێمۆکراتیك بووندا نوقم بوون کە رەخنەیان لەو کارەی شا گرت چونکە بحرینیان بە بەشێکی جیانەکراوە لە خاکی ئێران دەزانی و لەسەر ئەوەش دەفتەر و رۆژنامەکەیان هەڵپێچرا.

پان ئێرانیستەکان هەرگیز لە زەمانی حەمەرەزا شاش دا، حیزبێکی سیاسی خاوەن پێگەی جەماوەری نەبوون بەڵکوو گرووپێکی پچووکی ئایدیۆلۆژیك بوون. دواتریش یەکسەر لەسەر لاپەڕەی سیاسی ئێران سڕانەوە و لاچوون و ساڵەهایە کە بێجگە لە مەیتێکی سیاسی هیچی تر نین و ئەگەر حیزبی دێمۆکرات بەیاننامەی هاوبەشی لەگەڵ ئیمزا نەکردبایەن، لەوانە بوو زۆرێك لە نەسلی نوێی کوردستان هەر ناویشیانی نەبیستبایە. هەر وەکوو باسمان کرد ئەو حیزبە نە ئازادیخواز بووە، نە پێشکەوتنخواز، نە دێمۆکرات، نە هیچ شتێکی لەو بابەتە، بەڵکوو گرووپێکی ئایدیۆلۆژیکی ناسیۆنالیستی فاناتیك، شۆڤێنستی تۆخ، ئاماڵ فاشیست و کۆنەپەرست بوون.

ئەمانە و زۆر راستیی دیکە لەبارەی پان ئێرانیستەکانەوە، کە تەنیا لەبەر تووڵ پێنەدانی زۆرتر خۆ لە باس کردنیان دەبوێرین، ناشێ حیزبی دێمۆکرات نەیزانێ. بەڵام هۆی چییە کە بەیاننامەی هاوبەشیان لەگەڵ ئیمزا دەکا و بە یەکێکیشەوە ناوەستێ و دەیکاتە دووان و لەگەڵ ئەوان بە دووقۆڵی بانگەوازی خەڵکی دیکە دەکا، بۆ ئێمە روون نییە و حیزبی دێمۆکرات وەکوو هەموو حیزبێکی سیاسیی مەسئوول تەوزیحێك لەم بارەیەوە بە خەڵکی کوردستان قەرزدارە.

**٢- ناوەرۆکی بەیاننامەکە.**

**سەرتاپای ئەو بەیاننامە هاوبەشە بە زمان و ئەدەبیاتی پان ئێرانیستەکان و بە لەبەر چاو گرتنی پرەنسیپ و بەهاکانی ئەوان نووسراوەتەوە. هەر لە سەردێری بەیاننامەکەدا نووسراوە "پاینده اتحاد و یگانگی ملت ایران"، یانی "پایەدار بێ یەکیەتی و یەکبوونی نەتەوەی ئێران". حیزبی دێمۆکرات لە دەقە کوردییەکەیدا "ملت ایران"ی نەك بە "نەتەوەی ئێران" بەڵکوو بە "خەڵکی ئێران" تەرجەمە کردۆتەوە، رەنگە بۆ ئەوەی کە لە تاڵیی ئەو دەستەواژەیە بۆ خوێنەرانی کورد کەم بکاتەوە. لە حاڵێکدا هەموو کەس دەزانێ کە ئەو تەرجەمەیە راست نییە و مەبەستی سیاسی لە پشتە. "خەڵك" هاوتای "مردم"ە، نەك "ملت". "ملت" مانای "نەتەوە"یە. ئەوەش دەزانین کە بەکار بردنی ئەم دەستەواژەیە یانی "ملت ایران"، واتا نەتەوەی ئێران، بۆ پان ئێرانیستەکان وەکوو پرەنسیپ وایە، یانی بەشێکی بنەڕەتی لە ئایدیۆلۆژی ئەوان پێك دەهێنێت. لە رووانگەی ئەوانەوە، هەر وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئێران وڵاتێکی تاك نەتەوەیە، هەر بۆیە لە سەرەتاوە ئەوەیان لەگەڵ حیزبی دێمۆکرات بڕیوەتەوە کە "یگانگی ملت ایران" یانی "یەکبوونی نەتەوەی ئێران" دەبێ دروشمی هاوبەشیان بێت و سەردێری بەیاننامە هاوبەشەکەیان بەم دروشمە برازێننەوە، بەداخەوە سەریش کەوتوون.**

**لەو بەیاننامە هاوبەشەدا حیزبی دێمۆکرات، بەپێچەوانەی بەرنامە و دروشمە پەسند کراوەکانی خۆی، چۆتە ژێر دروشمی "یەکبوونی نەتەوەی ئێران"، بەڵام پان ئێرانیستەکانی بۆ نەهاتۆتە ژێر هیچ دروشمێك، لە فێدرالییەوە تا هەر شتێکی دیکە، کە مافەکانی گەلی کوردی تێدا دیار بێت. دیارە جاری وا هەیە کە لەرووی هاسان گرتنەوە دەستەواژەی "میللەتی ئێران" بەکار دەڕوات کە ئەگەرچی لەرووی زانستییەوە دەقیق نییە، بەڵام هەمیشەش مەبەستێکی خراپی تێدا نییە. بەڵام لەحاست گرووپێکی شۆڤێنیستی وەکوو پان ئێرانیستەکان ئیدی ئەو هاسان گرتنە رەوا نییە، چونکە ئەوان مەبەستی تایبەتیان لەو عیبارەتە هەیە، ئەویش حاشا کردنە لە فرەنەتەوە بوونی ئێران. ئەم حاشا لێکردن و رەتکردنەوەی گەلانی ئێران و بە تاك نەتەوەیی ناسینی ئێران، بەردی بناغەی بیرۆکەی پان ئێرانیسمە، فەلسەفەی بوونیەتی و، ناشێ حیزبی دێمۆکرات ئەوە نەزانێ.**

**پان ئێرانیستەکان دەزانن کە خەڵکی ئێران هەموو بە یەك زمان قسە ناکەن، بۆیە ئەوان بە هەموو نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران دەڵێن: "اقوام ایرانی"، یانی "قەومە ئێرانییەکان". حیزبی دێمۆکرات لە بەرنامەی خۆیدا وا ناڵێ، کەچی پای بەیاننامەیەکی ئێمزا کردووە کە بە ئەنقەست و بە مەبەست کورد لە ئاستی نەتەوە و گەل دادەبەزێنێ و دەیکا بە "قەوم"، ئەویش بە مانای تیرە و هۆز کە پێشتر باسمان کرد. لەوە خراپتر، لە دەقی کوردییەکەیدا لە هەموو جێگەیەك "اقوام ایرانی" بە "گەلانی ئێران" وەرگێڕدراوەتەوە کە بە ئاشکرا هەڵەیە و بەداخەوە تەنیا بۆ بێئاگا هێشتنەوەی خوێنەری کورد لە ناوەرۆکی راستەقینەی ئەو بەیاننامەیە بەکار هێنراوە. ئەگینا هەمووان دەزانن کە "گەلانی ئێران" بەمانای "خلقهای ایران"ە کە پان ئێرانیستەکان وەکوو پرەنسیپ قبووڵیان نییە.**

**بەیاننامەی هاوبەش نەك هەر باسی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد ناکا، بەڵکوو فێدرالیزمیشی تێدا نییە کە حیزبی دێمۆکرات چەند مانگ لەوە پێش لە کۆنگرەی سێزدەهەمی خۆیدا پەسندی کردووە. جێی**

پرسیارە ئەو دروشمانە بۆ چین و بە کاری چی دێن، ئەگەر لە کاتی ئاوا دا پێداگرییان لەسەر نەکرێت؟ سیاسەتەکانی هەموو حیزبێك بۆ رەچاو کردن و بەرێوە بردنن نەك بۆ شتێکی تر. لەو بەیاننامەیەدا تەنانەت بۆ یەکجاریش ناوی گەلی کورد بەکار نەبراوە. ئەمە ئەگەر لە هەموو بەیاننامەیەکیش لەگەڵ هێزە سیاسییەکان پێویست نەبێ، لەگەڵ پان ئێرانیستەکان بەتایبەت پێویستە، چونکە ئەوان لە کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا تۆمەتبارن. حیزبی دێمۆکرات تەنانەت نەیکردووە داوا لە پان ئێرانیستەکان بکا کە خەبات و بزووتنەوەی گەلی کورد لە بیست و پێنج ساڵ لەوە پێشەوە رێز لێبگرن یان پشتیوانی لێبکەن، لە حاڵێکدا ئەم بزووتنەوەیە چارەکە سەدەیەکە تەوەرەیەکی گرینگی دێمۆکراسی لە ئێران و مەیدانێك لە مەیدانەکانی خەباتی دێمۆکراتیك لە هەموو ئێران پێك دێنێ.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەو بەیاننامەیەدا پێناسەی حیزبێکی "نەتەوەیی" و "جەماوەری" "کە ریشەی تەنیا لە کۆمەڵگای خۆیدایە" بە پان ئێرانیستەکان دەبەخشێ، ئینجا بە دووقۆڵی بانگەوازی "هەموو حیزب و گرووپە ئازادیخوازە نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازەکان" دەکەن و بەڵێن دەدەن کە پێکەوە بۆ وەدی هێنانی "دێمۆکراسی"، "ئازادی" و "عەدالەت" هاوکاری بکەن. بەراستی پان ئێرانیستی کۆنە کراس رەش بۆ دەبێ بە جەماوەری و ئازادیخواز و لایەنگری دێمۆکراسی و عەدالەت لە قەڵەم بدرێت؟ ئایا حیزبی دێمۆکرات بڕیاری داوە کە لەگەڵ ئەو جۆرە حیزب و گرووپانە لە ئێران هاوکاری و هاوپەیمانی بکا؟

بێگومان کەس ئەو بۆچوونە لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان قبووڵ ناکا، نە هێزە چەپ و پێشکەوتنخواز و ئازادیخوازە راستەقینەکانی ئێران و نە رای گشتیی خەڵکی کوردستانیش کە بە دووقات ئەو سیاسەتەیان پێ هەڵە و ناڕەوایە. هەر بۆیەشە دەبینین کە زۆر رۆشنبیر و سیاسی کورد، بە پێشینیەی سیاسی جیاواز و بە رووانگەی جیاوازیشەوە و تەنانەت زۆرێك لە دۆستانی حیزبی دێمۆکراتیش، دەنگی رەخنە و گازندەیان لەو سیاسەتە بەرز بۆتەوە. زۆرێك لەوانە بەهەق دەپرسن، وە ئێمەش دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵیان و دەپرسین کە: بۆچی لەگەڵ گرووپێکی بێپێگە و نیمچە فاشیست کە هەرگیز لە بەرەی ئازادیخوازیی ئێراندا نەبووە و بەرەسمی لە بەرنامەی خۆیدا فرەنەتەوە بوونی ئێران رەت دەکاتەوە و نادیدە گرتن و پێشێل کردنی مافی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران و لەوانە کوردیش رادەگەیەنێت، وا بە سووك و هاسانی بەیاننامەی هاوبەش ئیمزا دەکرێت بەڵام گەڵاڵەی بەرەی کوردستانی وەها بە سەرسەختی و داخراوی رەت دەکرێتەوە؟ بۆچی حیزبی دێمۆکرات ئامادەیە گرووپێکی ئاوا سڕ و نیوەمردوو لە خەوی زستانە بەخەبەر بێنێت و خۆی بکا بە هاودەنگ و هاوپەیمانی لە بانگەواز کردن بۆ هەموو حیزب و لایەنەکان، بەڵام پێشنیاری پلاتفۆرمێکی هاوبەشی گەلی کورد قبووڵ ناکا و پشت گوێی دەخا، پلاتفۆرمێك کە دەتوانێ داخوازییەکانی گەلی کورد یەك خا و بەم جۆرە وەزن و سەنگی بزووتنەوەی رەوای خەڵکی کوردستان لە ئێران و لە دنیادا بەرێتە سەر و لە هەمان حاڵیشدا ببێتە پاڵپشت و هێزێکی پێکهێنەری هەموو جووڵانەوەیەکی ئازادیخواز و دێمۆکراسیخوازی رەسەن لە ئێراندا؟ بەدڵنیاییەوە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ناتوانێ بۆ هەمیشە ئەم پرسیارانە بێوەڵام بهێڵێتەوە.

ئەگەر پان ئێرانیستەکان، سەرەڕای ئەو هەموو عەیب و ئیرادانەش، لانی کەم هێزێکی گەورەی سیاسی و لە ئاڵوگۆڕەکانی ئێراندا خاوەنی بڕیار بوایەن، ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران بە هێزی ئەوان نەبێ ناڕووخێ،

**دیسانیش دەکرا حیزبی دێمۆکرات ئەو هەڵەیە بەجۆرێك پاساو بکا، بەلام بە زانینی قەوارەی راستەقینەی پان ئێرانیستەکان ئەو پاساوەش نامێنێتەوە. لەراستیدا، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەناو هەموو پێغەمبەران جرجیسی هەڵبژاردووە.**

**بەکورتی، ئەو شێوە لە ئیئتیلاف و هاوپەیمانییە کە لە بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و پان ئێرانیستەکاندا دەیبینین، بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی سەراسەریی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی بەهێز ناکا، مافەکانی گەلی کورد ناسەلمێنێ و نایانپارێزێ بەڵکوو نادیدەیان دەگرێ، دۆستایەتی خەڵکی ئازادیخواز و گەلانی ستەمدیدەی ئێرانی بۆ بزووتنەوەی رەوای خەڵکی کوردستان دەستەبەر ناکا، بەڵکوو تەنیا خەوش دەخاتە سەر رواڵەتی گەش و پێشکەوتنخوازی ئەو بزووتنەوەیە. کۆمەڵە، بەپێچەوانە، خوازیاری پێکهاتنی بەرەیەکی دێمۆکراتیك و ئازادیخوازە لە ئێراندا کە هەموو هێزە چەپ و دێمۆکرات و ئازادیخوازەکان لە دەوری پلاتفۆرمیکی دێمۆکراتیك کۆ بکاتەوە، پلاتفۆرمێك کە لە هەمان حاڵدا بە روونی مافە رەواکانی گەلی کورد و فێدرالیزمیش بەرەسمی بناسێت و بیخاتە نێو بەرنامەی خۆیەوە و بۆی تێبکۆشێ.**

**بزووتنەوەی رەوای گەلی کورد لە بەرەی دێمۆکراسیخوازی دایە و لەو بەرەیەشدا دەمێنێتەوە.**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**٨ی سەرماوەزی ١٣٨٣، ٢٨ی نۆڤامبری ٢٠٠٤**

---

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)31384**99
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**